گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت

# ڕۆحی شۆڕش...
## ئارێنت و دامەزراندنی ئازادی



ڕاجر برکۆوێتز
ئامادەکردنی: عەلی قادر بەهرامی

پێشەکی وەرگێڕ: ئەم بابەتە وەرگێڕدراوی نوسراوێک لە نوسراوەکانی بەشی «ڕوونکردنەوەی هەفتانە» لە وێب سایتی ناوەندی ڕامیاری و زانستە مرۆڤایەتیەکانی هانا ئارێنتە. لەم بەشەی سایت، هەفتانە پسپۆڕێک لە بوارەکانی بیرۆکەی ڕامیاری، فەلسەفە، ئوێژینەوە کلتوریەکان، مرۆڤ ناسی، زمان ناسی و ... دەرئەنجامێکی بەشێک لە بەرهەمەکانی هانا ئارێنت دەخەنەڕوو. ئەوەی «ڕۆحی شۆڕش» لە لایەن ڕاجر برکۆوێتز ( Roger Berkowitz )، مامۆستا لە بوارەکانی ڕامیاری و مافی مرۆڤ لە کۆلێژی بارد ( Bard College ) نوسراوە. برکۆوێتز لە کایەکانی وەکو بیری مافناسی، مافی مرۆڤ و فەلسەفەی گەردوونی پسپۆڕی هەیە. لە بابەتی خۆشەویست و سەرنج ڕاکێشەکانی ئەو دەتوانرێت بە ئایدیای دادپەروەری و مافی مرۆڤ (لەسەر بیری مافناسی) بیری هانا ئارێنت و ڕامیاری و جوانناسی (لە کایەکانی تیۆری ڕامیاری)، هایدگەر، نیچە،




کانت، ئەفلاتون، ئەرسێو و لایبنیز (لە کایەی فەلسەفەی گەردوونی) ئاماژەی پێ بکرێت. لێرەدا دەتوانین لاپەڕەی کەسی (ئایەنی) برکۆوینز ببینین. دەقی نوسراوی «ڕۆحی شۆڕش» یش لەم سایتە دەست دەکەوێت. جێگای باسە راجر برکۆوینز بەڕێوەبەری ناوەندی زانستی ڕامیاری و زانستە مرۆڤایەتییەکانی هانا ئارێنتی بە ئەستۆ گرتووە.

**کۆتایی شۆڕش رزگارییە، لە کاتێکدا کە کۆتایی شۆڕش دامەزراندنی ئازادییە.**

هانا ئارێنت، شۆڕش

ئازادی فیزیکی بناغەی ئازادییە، بەڵام ئەو جۆرەی کە ئارێنت پێیوایە، ئازادی «لە ڕەوتی پراگماتیزم، نەک لە جێگای دیکە، ئەزموون دەکرێت.» پەیوەندی بنەوەی نێوان پراگماتیزم و شۆڕش ئەوەیە، کە پراگماتیزم ویستی شۆڕش لای شۆڕشگێران زیاد دەکات. لە کاتێکدا ئازادی بەربەست دەکرێت، زۆرجار لە کەلێنەکانی شۆڕش بەهیوای ئەوەی کە (ڕەوتێکی مێژوویی لە ناکاو لە نوێ دەستپێبکات، ئەوەی کە چیرۆکێکی تازە، چیرۆکێک کە پێشتر هیچ کاتێک نەزانراوە و باس نەکراوە، لە دۆخی دەرکەوتنە و لە ناوی دەبات). شۆڕش وەک خاڵی دەستپێکی ئایدیای ئازادی و ئەزموونی دەستپێکێکی نوێ، چالاکیەکی پڕ بە ئەزموون و ڕەوتی ئازاد دەبەخشێت. ئارێنت پێیوایە « ڕۆحی شۆڕش» ئازادی، دوو توخمی بە رواڵەت جیاواز یەک دەخات. یەکەمین توخم دامەزراندنی دەستەی سیاسی نوێ، ئەو کردارەی کە دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەگەڵ جێگری و نەمری بونیادێکی نوێ، هاوشان دەکات.

کردەوەی شۆڕشگێڕانە، هاوشێوەی کردارێکی دامەزرێنەر، ئێدەکۆشێت کە ناوەندێکی نوێی حکومەتی و هاوکات جێگیر بدۆزێتەوە. زۆربەی کات لە نێوان بایەخدان و ئەرکیزکردن لەسەر توندوتیژی شۆڕشگێڕانە و ویستی ڕۆحی شۆڕشگێران بۆ بیناکردنی بونیادێکی جێگیر ڕەچاو ناکرێت.

بەم چەشنەش، توخمی دووەمی ڕۆحی شۆڕش، ئەزموونی شۆڕشگێڕانە لە شۆڕشە، ئەزموونێک کە ئەوان

لەم شڵەژانە جددیە بەشدار دەکات، ئەویان لە ژێر دەست دایە «واتە ئەزموون» وشیاری ڕۆح بەخشین بە تواناکانی مرۆڤ بۆ نوێ گەراییان پێ دەبەخشێت.

شۆڕش کە لە پاش داهێنان دیلکراوە، « کەسانێکی زۆر کە چاوەڕوانی لە دایک بوونی شتێکی نوێن هیوایەکیان پێ دەبەخشێت. کەواتە ڕۆحی شۆڕشگێڕانە پڕ لە خۆشی و وروژێنەر دەبێت، کە لەگەڵ هەر تێکۆشانێک بۆ لەناو بردنی و دوبارە وێناکردنەوە دایە، شادمانی بۆ لە ناو بردنی ڕابردوو، کە نیچە باسی لێ دەکات، لە شادمانی بۆ وێناکردنی شتێکی نوێ جیا ناکرێتەوە.

ئارێنت لە دەست چوونی ڕۆحی شۆڕشی - ئەوەی کە بە گەنجێنەی شۆڕشی دادەنێت- بە هۆکارێکی گرنگ و دیار دەزانێت. کێشەکە لێرەدایە کە ئەو دەوڵەتانەی شۆڕش وێنا دەکەن، یەک بەدوای یەک لە فەرەنسا، روسیا، یان ئەمریکا هیچ دۆخێک بۆ ئەو ئازادیەی کە بەشێک لە گەنجێنەی شۆڕشگێڕانە پێکیدەهێنێت، نەهێشتووە. ئەو پرسیارەی کە ئارێنت دەیکات ئەوەیە: کام یەک لە فەزا سەرەکیەکان، بە شێوەیەکی بەهێز، لە جێگایەک ئاماژە و پارێزگاری لە ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی ئازادی ناخی شۆڕشگێڕان (تاکەکان) دەکات؟

ئێستا من لە سێبەری بەهاری عەرەبی، بەهاری ئیسرایلی و پاییزی ئەمریکی ئاماژە بە وەسفی دوالیزمی ئارێنت لە سەر ڕۆحی شۆڕشگێڕانە دەدەم.

لە مسر، تونس و لیبیا، شۆڕشگێران خەڵکیان لە ژێر دەسەڵاتی هێزە سەرکوتەکەرەکان ڕزگار کرد، شۆڕشگێڕانی سوریا و سودان و بەحرەینیش بۆ بەدەست هێنانی ئازادی درێژە بە چالاکیەکانی خۆیان دەدەن. هاوکات هەموو دونیا (دەور تادەوری دونیا) شۆڕشگێرەکان سەرقاڵی پرسیارەکەی ئارێنت لەبارەی چۆنیەتی بە دەستهێنانی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی ئازادی لە نێو هاسەنگیەکی رامیاریدان. لە نێوان هەستی بێ بەشی و بێ هێزیەکی نەگۆڕ کە بووەتە هۆی ترازانی ئەو جوڵانەوەیە لە دڵی حکومەت/ وڵاتە دیموکراتەکان، پێویستە تێبکۆشین تا فەزاکان و پێداویستیەکانی ئەزموونی ئازادی دووبارە بدۆزینەوە.

ئارێنت خەفەت لەوە دەخوات کە، لە ئەمریکا دامەزرێنەرانی ولایەتە یەکگرتوەکان « توانای گونجاندنی دانیشتنە شارستانیەکان لە تالارەکانی شار لەگەڵ یاسای بنەڕەتیان نەبوو». کۆبوونەوەکانی ناوەندی شار «دۆخەکانی ئازادی» بوون، کە جۆرێک لە ناوەندی سەرەکی کۆماریان دروستکرد. ئارێنت پێی وایە، ژیانی مرۆڤی ئازاد پێویستی بە «جێگایەک کە خەڵک بتوانن لەوێدا کۆ ببنەوە» هەیە. هەبوونی ئازادی گشتی پێویستی بە ئەنجومەنانێکە کە بە شێوازی ناوەندێکی فەرمی، بۆ کرداری نوێ کە لەوێدا هاووڵاتیان ئازادی خۆیان بۆ کەسانی دیکە باس بکەن.

پەیوەندی ئارێنت بەم شورا و کۆبوونەوانەی تالاری شار - هەروەها پێشنیاری لە توخمدا (بنەڕەتدا) ختکاوی تۆماس جفرسۆن بۆ «سیستەمێکی ناوچەیی» کە وڵات دابەشی «کۆمارانێکی سەرەتایی و بنەڕەتی» دەکات، دەنگێکی نۆستالۆژیکی بۆ بڕیاردانی ڕاستەوخۆ نیە، ئامانجی ئەم کۆمەڵگا و شورانە بڕیاردان بۆ حکومەت کردن یان بەڕێوەبردنی ناوچەیەک لە شار نەبوو، لە راستیدا، ئارێنت بە شێوەیەکی تایبەت باسی ئەو یانە فەرەنسییەی کە خۆی بۆ هەر جۆرە کاریگەریەک لەسەر پەرلەمانی فەرەنسا ( General Assembly ) تەرخانکردبوو، دەکات. ئامانجی ئەم یانەیە تەنها بۆ گفتوگۆکردن لەسەر (دۆخە کۆمەڵایەتیەکان) و ئاڵ و گۆڕکردنی ڕای خەڵک بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک و گەیشتن بە پێشنیارەکان، تۆمارەکان، وتارەکان و لەم بابەتانە بوو. شوراکان ناوچەیەک بۆ ئەزموونی ئازادی بوون، ناوچەیەک بۆ ئەوەی تاکەکان تیایدا کۆ ببنەوە و لەسەر بارودۆخی ڕۆژانەیان گفتوگۆ بکەن. گرنگی ئەوان نەک لەوەی کە بە دەستی دێنن، بەڵکو لەوەی کە پەروەردەی دەکەن بوو.

یانەکان وەکو ناوەندە بنەڕەتیەکان (نەهادیەکان) «ئەزموونی سیاسی ڕێکخراو، جۆرێکی هاوشێوەی هاوڕا لەگەڵ ڕووداوانێک کە شۆڕشگێڕەکان بەرەو پراکتیک و بە ڕێگای ئەوانی کێشاوە، گەشەیان پێدا». بە واتای دیکە شوراکان ئەزمونێک لە ئازادیان هێنایەکایەوە کە « لە ڕەوتی پراگماتیزم نەک لە جێگایەکی دیکە، ئەزموون دەکرێت.»

**سەرچاوە:**

www.irancpi.com/digran/ html.٢_٦٠٩٣_matn